
# مەسجەکانی دوای 12ی شەو

پەسار
Pasar_pna@yahoo.com



"چیرۆکی من لەگەڵ باران"

ئەمرۆ ماندووبوویت

ئێستاش لە خەوێکی خۆشدایت

ببووەر ئەزیزم

کەمێك بێ تاقەتم کردی

دەبێت چەندە دەستەکانت ماچ بکەم

تا دەمبووریت...

بەم شەوە تاریکە

دێمە بەر دەرگای ماڵەکەتان

شیعرێکت بۆ دەنووسم و

شوێن پێکانت لەبەر دەرگا

بە تەڕیەتی لێوم تەڕ دەکەم

* * *

بەیانی زوو کە دێیتە دەرەوە

من لەبەر دەرگا نابینیت

شیعرێك لەوێ جێماوە و

باران تەڕی کردووە

بێ بەزییانە وشەی "خۆشویست"ی

تێدا سڕیوەتەوە

ماچەکانیشم لەسەر شوێن پێکانت

دەگەرین و هاوار بۆ تۆ دەهێنن

باران لە ناوی بردوونەو

لەگەڵ ماچەکانی ئاسمان بۆ زەوی

تێکەڵ بەیەك کردووە

* * *

لە هەمووی ناخۆشتر

نەت زانیووە دوێنێ شەو

شاعیرێك لێرە بووە

شیعری بۆ چاوەکانت نووسیووە

شێوەکارێك

شوێن پێکانتی لەبەر دەرگا رەنگ کردووە

تەنها بۆ ئەوەی پێت بڵێ "بمبوورە"